# یەکێتی وپارتی و تێکڕای ناسیۆنالیزمی کوردیی دەست لەخواست و ماف  وداواکارییەکانی خەڵکی کوردستان هەڵدەگرن و قانونی حەزرەتی جەعفەریی و حەزرەتیی الحکیم  بەسواری حوشتر  بۆ خەڵکی کوردستان  دێنن



ڕێبین  فاروق
reben_faruq@yahoo.com

بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی ملکەچی داخوازی گروپە ئاینی مەزهەبییەکان دەبن ولەو پرو پریاسکەیەیی کە یەکێتی وپارتی بۆخەڵکی کوردستانیان هێناوە ،لە جیاتی‌ئەوەی کە عێراق بەوە  پێناسەبکرێ کەوڵاتێکی ڕادیکاڵ و لائکەی شارستانی مرۆڤایەتی بێ ،جارێکی ترعێراقیان بەبەشێك لە جیهانی عەرەبی ڕەگەزپەرەست وکۆنە پەرەستی ئیسلامی پێناسە کردووە . کە ڕۆڵ و دەوری ئیسلامی سیاسی هێندە بەبەهێزە کە دەبێ عێراقێك  دابمەزرێت زیاتر لە دەسەڵاتی ڕەشی کۆنە پەرەستی جمهوری ئیسلامی ئێران و ئەفغانستان و سعودییە بچێت ، نەك عێراقێکی ڕادیکاڵ و مەدەنی کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت .

مێژویی پرشکستی ناسیۆنالیزمی کوردی لە چەندین شۆڕشی سەرنەکەوت و شکست خواردویاندا تەقلەیی مل شکێنیان بەخەڵکی کوردستان لێداوە.خەڵکی کوردستان بە هیچ  شێوەیەك  نەیان ویستووە لەگەڵ ڕژێمێکی دیکتاتۆرو سەرکوتکەردا حکومەت دروست بکەن و بگەڕێنەوە ژێر باڵی حوکمی ئیسلامی سیاسی شیعە ئەمەخواستی خەڵکی کوردستان نەبووە ، بەڵکو ئەمە خواستی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بووە و ناسیۆنالیزمی کوردی بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی جیهانییەوە کاریان کردووە و بەردەوام دوژمنایەتی توندییان لەگەڵ سەربەخۆیی و جیابونەوەدا هەبووە.

ناسیۆنالیزمی کوردی و بەتایبەت یەکێتی و پارتی بەردەوام دیفاعیان لەشیعاری یەکپارچەیی خاکی عێراق کردووە و پاراستویانە و بەردەوام خەریکی سات و سەودا کردن بوون بەخواستی خەڵکەوە لەگەڵ هێزە ڕەش و سەرکوتگەرەکان و دیکتاتۆرەکان.

بەدرێژایی مێژویی ناسیۆنالیزمی کوردی دەیان شۆڕشیان بەرپا کردووە بەڵام لە بەر ئەوەی ژێر بەژێر بەخواستی خەڵکەوە مامەڵەیان کردووەو هیچ ڕا پرسییەکیان بە خەڵکی کوردستان نەکردووە و بەردەوام لەگەڵ حکومەتە سەرکوتگەرو کۆنە پەرەست وشۆڤێنستییەکانی ناوچەکەدا دەستیان تێکەڵ کردووە و بەخواست و ویست و بەبەرژەوەندی سوپاو هێزە داپلۆسێنەرەکان جوڵاونەتەوە .

تەنانەت بەئاشکرا و لە کەناڵی ڕاگەیاندنەکانی جیهان و ناوخۆشەوە چەندین جار بەخەڵکی کوردستانیان و تووە دەبێت بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ و دۆستی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی لەبەرچاو بگرن و بپارێزن و چاوپۆشی لە زۆر شت بکەن .

بۆیە ناسیۆنالیزمی کوردی و هەتا بە ناسیۆنالیزمی عەرەبیشەوە لەعێراق بە هیچ شێوەیەك نوێنەرایەتی هیچ کام لەخواست ئاوات و ئامانجەسیاسی و مافەمەدەنی وکۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی عێراق وکوردستانیان نەکردووە،بەردەوام چاوی خەڵکیان بە دیموکراتیك و ئازادی درۆینە کوێرکردووە .

بەڵام ئەگەر زۆر نەگەڕێینەوە بۆ مێژوو لە بەر ئەوەی مێژوی ناسیۆنالیزم ئیسلامی کوردو عەرەب هێندەی شکست و کوێرەوەری و دەردەسەری و تاوان تێدایە بەرامبەر بەخەڵکی ستەم دیدەیی عێراق و کوردوستان لە باسکردن نایەت و بە نوسین کۆتایی نایەت ، بەڵام ئەگەر بێین و سەرنجێکی کورتی لە مێژویی ناسیونالیزم ئیسلامی کوردو عەرەب بدەین زۆر بەرۆشنی دەبینین چەندە خەڵکی زەرەر

**مەند بون لەسایەیاندا ، لەژێر برێ ناوی پوچ و بێمانادا هەریەکەیان بەوەسیلەیەك خەڵکیان توشی مەینەت و دەردەسەریی و ماڵوێرانی وکوشت و بڕ کردووە و مێژویەکی ڕەشو و خوێناوییان هەبووە ، کە بەردەوام لەجیاتی خزمەتکردنی خەڵکی جەنگی چەندین ساڵەیان بۆ خەڵکی هەڵگیرساندووە و بەهەزاران خەڵکییان لە ژێر ناویی خاکی پیرۆزدا لەسەر سنورەکانی عێراق ئێران بەکوشت داو لەجەنگی خلیجدا بە دەیان هەزار کەس بە بۆمب و ئاگرو باروت سوتێندران لەئاکامی سیاسەتی چەوتی ناسیۆنالیزم لەعێراق ، وە بەهەزاران خەڵك لە پڕۆسەی ئەنفا ل و گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا تیا چون و وە بە هەزارانیش لە زیندان و لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستداو وە بەهەزارانیش لە خەڵکی بێگوناه بە بۆمب ئاگر وو باروت و کیمیاوی تیاچون ، وە هەر لە ئاکامی سییاسەتی چەوتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی صدامدا بوو حصاری ئیختیصادییان لەسەر خەڵکی هەژاری عێراق و کوردستان داناو خۆراك و دەرمانیان لەخەڵکی بڕیی و بنەمایی ژیانی مەدەنییان هەڵوەشاندو و بەهەزاران خەڵك ناچار بون پەنا بۆ زۆر ئیشی نامەعقول بەرن کەشایستەی بەشەریەت نەبوو وە بە سەدان هەزار منداڵ توشی برسێتی و بەدخۆراکی بون و تیاچون و بون بە قوربانی سیاسەتی چەوتی ناسیۆنالیزم.**

**وە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە عیراق هێندەی تاوان دژ بەخەڵکی عێراق و کوردستان کردووە کەچەندەی باس بکەیت کۆتای نایەت بەڵام ئەگەر پێناسەیەکی حکومەتی ناسیۆنالیزم ئیسلامی صدام بکەین کەبە چ شێوەیەك مامەڵەی کردووە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ئەو مرۆڤانەی کە بەزمانی کوردی قسە دەکات ، حکومەتی ناسیۆنالیزم ئیسلامی صدام خەڵکی عەرەب زمانی وافێر دەکرد و ڕایدێنان ، بەئاشکرا بە خەڵکی عەرەب زمانی ڕادەگەیاند کە قەومیەتێك هەیە لەعێراقدا بە کوردی قسەدەکەن ،بۆیە پێویستە لەسەر هەر قەوم پەرەستێك و هەر وڵات پارێزێ بەتوندی ڕوبەڕیان ببنەوە و بیان کوژن سوکایەتیان پێبکەن و ئەنفالیان بکەن و کیمیاوی بکەن بەسەریاندا و بە هەر شێوازێك کە بۆتان دەست دەداتن لە ناویان بەرن، ئەومرۆڤەی بەکوردی قسەدەکات ئەوە دوژمنی ئێوەن.بەڵام لە هەمان کاتدا و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر سەرنج بدەینە بزوتنەوەی هێزە کودییە ناسیۆنالیستە ئیسلامییەکان بە هەمان شێوەی حکومەتی ناسیۆنالیزم ئیسلامی صەدام و بگرە بەزیاتریشەوە خەڵکیان هانداوە دژی هەر عەرەب زمانێکی عێراقی کە بەزمانی عەرەبی قسەبکات جا گەورە بێت یاخود منداڵ تاوانباربێت یابێ تاوان خوێنی هەر عەرەب زمانێکی عێراقییان حەڵاڵکردووە .**

**بزوتنەوەی کوردی لەلایەك خەڵکی کوردستان دەکەن بە دوژمنی عەرەب زمانەکان و لەلایەکیش خۆیان دەبن بە بەکرێگیراو و سیخوڕی بۆ دەزگا سەرکوتگەر و داپڵۆسێنەرەکانی میت و ئیتلاعات وموخابەراتی عیراقی و CIA دەکەن ، کە بەرچاوترینیان ( فیلەکانی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتی ) بوو کەچۆن بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی وحیزبە ئیسلامییەکانی کوردوستان بەقەولی ( کورد ) دەڵێ بەعێل و عەشرەتەوەو بەسەروماڵەوە و بەسەرکردایەتییەوە لەخزمەتی سەید ڕەیس دابون لەخزمەتی دەزگا موخابەراتییەکانی ڕژێمی بەعس دابون هەروەك و جەنابی سەرۆك بارزانی دەڵێ مانگی ئابمان پێوە دێت بەڵام هەر لەمانگی ئابدا بوو جەنابی سەرۆك بارزانی تەشریفی بردەوە بۆلای صدام و بەصدامی وت چاو پۆشی لەکردەوەکانتان دەکەین کە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان کردوتانەو چاوپۆشی لە خوێنی بارزانییەکان دەکەین و چاوپۆشی لە کردەوە دڕندانەکانتان دەکەین ، بەڵام دەبێت سەید ڕەیس جەنابتان لەبەرامبەر ئەم چاوپۆشییەدا بەتانك و زرێپۆش و بەسوپای سەربازی تەشریفتان بۆ هەولێر بێنن لەسەر دەبابەکانیشتان عەلەمی عیراقی هەڵبکەن ، جابۆیە ئەو قسەیە زۆر بێمانایە کە جەنابی سەرۆك بارزانی دەیکات و دەڵێت ئێمە عەلەمی عێراق لە کوردوستان هەڵ ناکەین .**

**بۆیە ئەمە یەکەم دەسگرتن و هێنانی سوپایی بێگانە نییە بۆ ناو کوردستان،ناسیۆنالیزمی کوردی مێژویەکی پڕلە ئاشبەتاڵیان هەیە و خەڵکی کوردوستانیان بێئیرادە کرد لە سایەی دەسەڵاتیاندا ، ناسیۆنالیزمی کوردی خاوەنی چەندین جەولە شەڕی ناو خۆن کەبە هەزاران کەس لەخەڵکی کوردستان لەسایەیاندا توشی ماڵوێرانی و ئاوارەیی و کوشتن بون ، هەر لە سایەیی دەسەڵانی یەکێتی وپارتیدا بەهەزاران ژن ڕوبەڕوی کوشتنی مەزهەب و کۆنە پەرەستی بونەوە . هەر لە ئاکامی سیاسەتی چەوتی یەکێتی وپارتیدا ئیسلامی سیاسی بەهێز بوو هەر بە پارەی یەکێتی و پارتی و بەیارمەتی یەکێتی و پارتی و ڕژێمە کۆنە پەرەستییەکانی دۆستی یەکێتی وپارتیی ئیسلامی سیاسی بەهێز بوون و کردیانن بە جرو جانەوەر بەسەر سەری خەڵکی کوردوستانەوە .**

**کەچی ئێستاش دەستی مەزهەب و دین و ئیسلامی سیاسی شیعەیان گرتووەو پەلکێشی دەکەن بۆکوردستان و قانونی کۆنە پەرەستی شیعە بۆ خەڵکی کوردستان دێنن ، قانونی مەرگ و خوێن و جەهل و دڕندەیی و کۆیلایەتی وخورافە و تیرۆرو سەر بڕین و سەنگەسار و تێزاب و لەشفرۆشی و بێئیرادەکردن وتەسلیم بون و قانونی ڕۆژی عاشورا بۆ خەڵکی کوردستان دێنن و شیعە دەکەن بە نوێنەری ژنان .**

جابۆیە قانونی تیرۆرزمی ئیسلامی مایەی کوێرەوەرییە بۆ خەڵکی قانونی تیرۆرزمی ئیسلامی مایەی بەدبەختییە بۆ خەڵکی قانونی تیرۆرزمی ئیسلامی مایەی بێ دەسەڵاتی و تەسلیم بونە بۆ خەڵکی قانونی تیرۆرزمی ئیسلامی مایەی لە دەستدانی ئازادییە بۆ خەڵکی قانونی تیرۆرزمی ئیسلامی مایەی بێ حورمەتییە بە خەڵکی عێراق وکوردستان قانونی تیرۆرزمی ئیسلامی مایەیی بێ مافییە بۆخەڵکی .جابۆیە ناسیۆنالیزمی کوردو ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی لەسەر لاشەی منداڵ و لاو پیر مەشقی گەیشتن بەکورسی دەسەڵات دەکەن . ناسیۆنالیزمی کوردو عەرەب و تیرۆرزمی ئیسلامی و تیرۆرزمی ئەمریکا عێراق وکوردوستانیان خستۆتە بەردەم خەتەری کاول کاری و تیرۆر و تەقینەوە ی ڕۆژانەو برسێتی و هەژاری .

بۆیە ئەرکی کۆمۆنیستەکان و ڕۆشنبیران وئازادی خوازان و ئەو کەس و ڕێخراو و حیزبانەی خوازیاری حوکمی شیعەنین و خوازیاری حکومەتێك نین کەستەمی میلی و بێ مافیی و دوبەرەکەو بگرە چەند بەرە کەبون دروست بکات ، وەستانەوەیە بەرامبەر بە تیرۆرزمی ئیسلامی و دەبێت بە هەموو توانامانەوە کۆنە پەرەستی ئیسلامی سیاسی سوك بکەین و بیان کەینە قەفەزەوەو لەناویان بەرین و ئەم بەلایە لەکۆڵ خەڵکی بکەینەوە ، وە ئەم هەڵوێست و ملکەچیەی ناسیۆنالیزمی کوردی و یەکێتی و پارتی مەحکوم بکەین و جارێکی تر شکستی بزوتنەوە کوردییەکان نەکەینە شکستی خەڵکی ، دە بێت ئێمە ببینە چەتری بەختەوەری و ئارامی وسەنگەری پارێزگاری بۆ خەڵکی .